# داوای ئەم جارە لە ئاژەڵ و باڵندەکانە!

## بەختیار مام حەمید..

(چ هۆکارێك وا لە ئێمە دەکات کە یەکێتیی نەتەوەیی پێکنەهێنین!)

لە جیهانی نووسینی کوردییدا زۆرمان بینی و زۆرمان بیست کە داواو تکاو پاڕانەوە بوون بۆ ئاواکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و یەکڕیی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی نەتەوەکەمان و خاکەکەمان و سروشتە جوانکەی لە دەستی گڵاوی دوژمنان و داگیرکەران،زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو تی ڤی و ڕادیۆو ماڵپەڕی کوردی، بابەتی تایبەت و باسی تایبەت و قسەیان لەسەر یەکێتیی نەتەوەیی کردو داوای ئەو سەرکەوتنەیان لە پارت و ڕێکخراو و تاکەتاکەکانی کۆمەڵگای کوردیی کرد،چەندان تەوەر،کۆڕ،کۆبوونەوە،سیمینار،گردبوونەوە،بۆ ئەو بابەتە سازدران و ڕێکخران،بەڵام ئەوساو ئێستاش بە دوورو نزیکی تەماشامان دەکردو دەکەین،نەمابیست و نەمانبینی یەکێیی نەتەوەیی پێکبهێنرێت و ئاوا بکرێت!پرسیار لە هەر پارتێکی هەر پارچەیەکی کوردستان دەکەین لەسەر یەکێتیی نەتەوەیی بە کارێکی باشی دەزانێت و ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بۆ بەشداری و هاوکاری و هتد..بەڵام تا ئێستا هەموویان کۆنەبوونەتەوە،ئەمە بۆ ؟بە خودا نازانم!ئایا کەی کاتی ئەو بابەتە دێت؟ کاتێك هەموو کورد قەتڵوئام بکرێت و کەسێك بۆ ژیانی کوردستان نەمێنێتەوە؟کاتێك سروشتی جوانی وەڵاتەکەمان بە چەك و چۆڵ و تۆپ و فڕۆکەی داگیرکەران کاول و وێران و خاپور بکرێت؟کاتێك کوردستان بووە وێرانە ئەو کاتە دەمی یەکێتیی نەتەوەییە؟ئەو کاتەی نەوەکانی گەلەکەمان زووانی خۆیان لە بیرکردو زمانی کوردیی لە نێوچوو؟باشە ئەوا پارتەکان و سازییەکان بەرژەوەندی و بەرنامەی خۆیان هەیەو لە نەتەوە لایان گرنگترە،ئەی خەڵك و هاوڵاتیانی کوردستان چی؟ئەی مامۆستاو کرێکارو ژن و لاو چی؟ئەی پزیشك و ژینگەپارێزو شوێنەوارناس چی؟باشە ئەی کۆی خەڵکی کوردستانی مەزن بۆ یەکێتیی نەتەوەیی ئاوا ناکەن لە پێناو پاراستنی نیشتمانەکەمان؟ئەوەندە داواکراو و ئەوەندەش نووسرا و بێوەڵام مایەوەو کاولکردنی کوردستانیش هەر بەردەوامە تاراِدەیەك لەپارت و ڕێکخراو تاك و مرۆڤی کوردو کورددستان بێهیوا بووین،بۆیە ناچار پەنا ببەینە دروستکراوانێکی دیکە کە ئاژەڵان و باڵندەکانی کوردستانن،چونکە ئەوانیش لانەو بانەیان کوردستانەو کاول دەکرێت،بەچکەو بەبەکانیان دەکوژرێن

و خۆیان دەربەدەرو بێ لانە دەبن،ئەو شوێن و شاخ و دارانەی ئەوان لێی دەژین داگیرکەرانی کوردستان بۆردومانی دەکەن و دەیسوتێنن و ئەو گیاندارانەش بێ نیشتمان و مەینەتبار دەبن!دوژمنانی کوردستان ئەو سروشتە ئارام و خۆش و پرئاسایشەی کوردستان لە ئاژەڵ و باڵندەکان دەکەنە دۆزەخ و خەمخانەو ئازارگەیەکی بێزارکەر،بۆیە لێرەوە داوا لە هەموو ئاژەڵ و باڵندەو خشۆکەکانی کوردستان دەکەم یەکێتییەکی بەرِومەت و بەشکۆی خۆیان دروست بکەن و ناوی لێبنێن (یەکێتیی گیانلەبەرانی کوردستان ی.گ.ك)،پاشان دەست بە خەبات و تێکۆشان بکەن لە پێناو پاراستنی ژینگەو سروشت و نیشتمانەکەتاندا کەکێو چیاو دەشتەکانی ( کوردستانە)لە قەندیل و دالەهۆ ببنە هاوکاری گەریلاو لە حەمرینیش ببنە هاوکارو یارمەتیدەری پێشمەرگەو پەروەردەی نەتەوەییان بکەن تا لە هەمووان لە ئێوەوە فێری پاراستنی ژینگەو نیشتمان بین!،دەی دەست پێبکەن ئەی دانیشتوانی خۆشەویستی چیاو چەم و جەوەڵەکانی کوردستان،خۆتان رِێکخەن و ژینگە مێژوویيە لەبارەکەتان بپارێزن و پێشبخەن،

تکام لە ئێوەیە ئیتر مەهێڵن داگیرکەرانی کوردستان بە ئاسانی تەراتێن بکات لە ژینگەکەتانداو کاولی بکات،

**(تکایە ئەم نامەم بگەیەننە قەندیل و حەمرین و دالاهۆ)**

**تێبینی: ئەم بابەتە لە رۆژنامەی چەتر  ژمارە ٧٣ی ٢٠١١،٩،١٩بڵاوبوەتەوە**